# حەکیم: بنوو نووستنی سێو!

سەردار عەزیز

مرۆڤی کورد تا ساتەوەختی ئێستا نەبووەتە مایەی تێرامان. لەمێژووی نەتەوایەتی ئێمەدا زۆر بەدەگمەن خەڵکی سادەهەن کە لە ڕێیانەوە مرۆڤ بتوانێ وورد و درشتی ژیان ببینێ. لە کاتێکا خەڵکی سادەن کە بە پلەی یەک ئازارەکان ئەچێژن، نەک ئەوانی تر. ئەم دیاریدەیە زەقترە لە کۆمەڵگای کوردیا چونکە هونەری ڕۆمان تا ئێستا لە هەوڵە سەرەتاییەکانیایەتی. ڕۆمان دەتوانێ ئەو چیرۆکانە بگێڕێتەوە کە مێژوو ناتوانێ خۆیان لە قەرەبدات، وەک ڕۆماننوسی مەکسیکی کارلۆس فوێنتوس دەڵێ. (بۆ نموونە مێژووی ئازاری ئێمە لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان-ی بەختیار عەلی-ا زیاتر بەرجەستەیە تا هەر کتێبێکی تری مێژوویی). ئەم نەبوونی توانا بۆ تێرامان، ژیانی ئێمەی توشی بێرەنگی و تا رادەیەک بێمانایی کردوە. یەکێک لەو پرسیارە گەورانەی کە ڕووبەڕووی مێژووی خەباتی ئێمە ئەبێتەوە وەک نەتەوەیەک ئەوەیە کە: بۆچی ئازارەکانی ئێمە نەبوونەتە بەشێک لە ئازاری مرۆڤایەتی. لە کاتێکا چەندەها ململانێی تر هەن نیوهێندەی دەردەسەریەکانی ئێمە خوێناوی نین کەچی بوونەتە مایەی تێرامانی سەرجەم مرۆڤایەتی؛ بۆ نموونە شەری ناوخۆی ئیسپانیا. سادەترین وەڵام ئەوەیە کە ئێمە نەتەوەیەکی بێ ڕۆشنبیرین. ئازارەکانی ئێمە نەیتوانیووە خۆی لە ڕێگایی فیکرەوە فۆرمەلە بکات، بۆیە هەردەم لە نێو قەتماخەیەکی تەسکا قەتیس ماوە. چۆن بتوانین ئازاری نەتەوەیەک بکەینە بەشێک لە ئازاری مرۆڤایەتی، لە وەڵامدا ئەڵێین بەوەی ئازاری ئێمە دەبێ لە ڕێگای ئازاری مرۆڤە سادەکانەوە دەرببرێ. یەکێک لەو مرۆڤە سادە و مەزنانەی کە سالآنێکە بیری لە سەربووردەی ژیانی ئەکەمەوە پیاوێکە ناوی دوکتۆر حەکیمە. دوێنێ شەو لە خەوما دوکتۆر حەکیم مرد. هەواڵی چۆنێتی مەرگی جیاواز و هەندێ جار دژ بە یەک بوو. یەکێک دەیووت لە بەربەستی ئاوەکەی دەربەندیخانەوە خۆی هەڵداوە و لاشەکەی لە گوندی ژاڵەناو دۆزراوەتەوە. ئایا بۆچی دوکتۆر خوی کوشت. خۆهەڵدان لە شوێنی بەرزەوە یەکێکە لەو شێوازانەی مەرگ لە زۆر شوێنی دونیادا بڵاوە. لە هەموویان ناسراوتر خۆهەڵدانە لە پردی دەروازەی زێرین (گۆڵدن گەیت) لە کالیفۆرنیا.

حەکیم کەسێک نەبوو خۆی بکوژێ. ئەو پیاوێک بوو لەوە ئەچوو لە یەکێک لە دەقەکانی ڕۆماننوسی گەورەی ڕووس دۆستیۆفسکیەوە هاتبێتە دەرەوە. بیرم دێ کە پێکەوە ژورێکمان هەبوو لە ئوتێلە هەرە پیسەکەی ئەسحابە سپی کە ناوی سۆمەر بوو ئەو هەردەم ڕۆمانی تاوان و سزای ئەخوێندەوە. زۆر خۆشی بە راسکۆلینکۆف ئەهات. بەڵام ئەو ئەژیا ئەوەندە بیری نەئەکردەوە. خۆکوشتن هەردەم لە دەست ئەوانەدێت کە زۆر بیرئەکەنەوە. زۆرجار لەوە ئەچێ ژیان بۆ ئەوە نەکرابێت بیری لێبکەینەوە. حەکیم هەژاربوو، تابلێی هەژار. هەژاریەک کە کردبوویە مرۆڤ. هەژار ئەو کەسەیە راستەوخۆ لە گەڵ ژیاندایە. پڕە لە ئەگەر. بوونی بوونێکی راستەقینەیە. ئەو باڵندەیەکە ئازاد وەک مارکس ئەڵێ. ئەو تەنیا کەسە کە توانای خۆشەویستی هەیە. فەیلەسوفی رادیکالی ئیتالی ئەنتۆنیو نیگری دەڵێ؛ عێشق و هەژاری راستەوخۆ پێکەوە گرێدراون. نەک لەبەرئەوەی ئیرۆس کوری ئازارە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لە روانگەیەکی ئەنتۆلۆژیەوە، تەنها لە هەژاریەوە هەموو ئەگەرێک سەرچاوە ئەگرێت. هەژارە ئەیەوێ بگۆرێ، ویستی گۆرانە کە هیوای ئەبەخشێت و هەردەم باس لە سبەینێ ئەکات. هەبوونی هیوا نیشانەی کرانەوەیە، کرانەوە یانی بوون لەگەڵ ئەویتردا. تەنیا خوشەویستیە کە ڕێگە ئەدا بەکەسێک کە بتوانێ مرۆڤانە لەگەڵ

کەسێکی ترابێت.
من سالانێکی زۆر وام ئەزانی ئەو مارکسە. مارکس لەو دەڤەرەی خۆمان نامۆیە. ئەو پیاوە هەژار و ریشنەی کە سالانێکی زۆری لە ژیانی کوشت بۆ ئەوەی یەکیک لە هەرە مەزنترین دەقەکانی مرۆڤایەتی بنووسێ کە ناوی (داس کەپیتال) یان سەرمایە بەکوردی. لەگەڵ هاتنی پۆست مۆدیرنەدا دەقێکی وەک سەرمایەی مارکس وەک رۆمان ئەخوێنرێتەوە. مارکس خۆی لەمە باش ئاگاداربوو. پێش لە چاپدانی بەرگی یەکەمی سەرمایە، شایانی باسە تا مارکس لە ژیاندابوو تەنها بەشی یەکەمی سەرمایە لە چاپدرا. لە نامەیەکا بۆ ئینگلس مارکس لە ساڵی 1876 ئەنووسێ پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی سەرمایە-بکەی جارێک دەقی(شاکاری نەناسراوی) رۆماننوسی فەرەنسی بەلزاک بخوێنەوە. بەلزاک لەو رۆمانەدا باس لە هونەرمەندێ ئەکات کە ناوی فیرنهوفەرە. ئەم تابلۆکێشە دە ساڵ لە تەمەنی بەتابلۆیەکەوە ئەکوژێ بۆ ئەوەی ببێتە تابلۆیەک کە نوێنەرایەتی راستەقینەی واقیع بکات. کاتێک فیرنهۆف تابلۆکەی پێشانی دوو هاورێی نزیکی ئەدات. دوو هاورێکەی سەریان سوورئەمێنێ کە فیرنهۆف لە تاو عەشقی بێ پایانیا تابلۆکەی تێک و پێک داوە. دەقی سەرمایە دەقێکی وەهایە. دەقێکە کە سیخناخە لە دەقە مەزنەکانی تر هەر لە ئینجیلەوە تا نووسەرانی رۆژگاری مارکس خۆی، شکسپیر و گۆتە و میلتۆن و ڤۆلتێر و سۆفۆکلیس  و سێرڤانتس و چەندەها دەقی تر.
حەکیم ئەگەرچی رۆژگارێک خۆی بە مارکسی لە قەڵەم ئەدات، بەڵام هەرگیز شەوێک بە دیار دەقی سەرمایەوە شەونخوونی نەکێشت. بەڵام عەشقی حەقیقەت و جوانی تەنها لە دەقەکانەوە نایەت.

پاش تێپەربوونی ساڵان و مانگان لەم کیشوەرە ساردە، بە زمان و دەقی تر ئاشنابووم. سەرەرای ئەمە وێنەی حەکیم پانتایی خەیاڵم جێناهێڵێ. چەند ساڵێک لەمەوبەر کە لە رێگای رۆماننوسێ ئایرەلندیەوە بە بیرۆکەی ئەنارکیزم ئاشنابووم، هەرزوو برۆدۆن و بوکیننم ناسی. بە ناسینی ئەوان چیدی حەکیم مارکس نەبوو بەڵکو زیاتر لەو کەتە زلە توکنە ئەچوو کە ناوی میخایل بوکینن-ە. ئەم پیاوە سەیرە تائێستا بوەتە مایەی تێرامانی چەندین دەقی ئەدەبی و شاکاری مۆسیقی گەورە. بوکینن ئاشنایەتی تارادەیەک دۆستایەتیشی لە گەڵ مارکسدا هەبوو. بەڵام هەردوکیان حەزیان بەچارەی یەکتر نەئەکرد. بوکینن مارکس-ی بە کەسێکی گۆشەگیر و سارد و درێژدادر ناو ئەبرد. مارکسیش لە گەڵ ئینجلزدا هەردەم بە ئەوەوە رایانئەبوارد. هەردەم ناووناتۆرەیان لێئەنا، مارکس پێی ئەووت وورچەکە کە قەت تێر لە گان ناخوات، ئینجلیسیش هەر بە فیلەکەی ناوئەبرد. بوکینن بروای وەها بوو دەوڵەت هەرچۆنێک بێت لە دەستی هەرکێدابێت ناعەدالەتەو پێویستە نەمێنێ. هەتا ئەگەر دەوڵەتی پرۆلیتاریاش بێت. بەڵام مارکس لە ژیانی تاکە کەس و ئارەزووەکانیا کەسێکی زۆر بۆرژوازبوو. عەشقی قومار و یاری ئەسپ سواری و لێپرسراوێتی بوو. کە لە 16 کانوونی یەکەمی ساڵی 1855 ئیلینۆری کچی مارکس لە دایک ئەبێت، مارکس لە نامەیەکا بۆ ئینگلس ئەنووسێ 'حەزم ئەکرد لە بری کچ کوربوایە'. لەوەئەچێ حەکیم زۆر لە مارکس کراوەتربێت، ئەو رەنگە حەزبکات کوری هەبێت بەڵام کێشەی نیە کە کچی هەیە.

حەکیم بۆچی خۆی کوشت. ئایا ژیان لە کوردوستان هەتابێت بەرە و بێمانایی و بەتاڵی ئەچێ. یەکێک لە و دیاریدانەی کە لە دوا سەردانما بۆ ئەو دەڤەرە بەلامەوە جێی سەرنج بوو؛ ئەو کرانەوە بێمانایەی بەرامبەر ژیاری رۆژئاوا. کرانەوەیەکی تا بڵێی روکەش، کە دەرئەنجامدا کوردوستان هەمووشتێ لە دەست ئەدات و لە بەرامبەر ئەوەدا ئەبێتە زبڵدانێ گەورە. لە میانەی کارکردنما ئەم هاوینە لە بەشی

خانووبەرە لە شارەوانی ئەم ناوچەیە، کە دووهەمین شارە لەووڵاتدا (ئایرلەندا)، بەوە ئاشنابووم کە چەندێک هەژار و پەراوێزخراوهەیە لە هەناوی یەکێک لە هەرە تۆکمەترین ئابووریەکانی دونیا. گەشەی ئابووری لێرە لە سەرتاپا ئەوروپا خێراترو بەهێزترە. کەچی بە هەزارەها خەڵکی چەندەها ساڵە چاوەرێن هەتا خانویەکیان بەرکەوێ. گوێگرتن لە چیرۆکەکانیان وەک نالی ئەڵێ دڵ ئەکاتە ئاو.

هەواڵی تر زۆرن دەربارەی چۆنێتی مەرگی حەکیم، بەڵام من هەرگیز بروناکەم ئەو خۆی بکوژێ. خۆکوشتن لێرە لە ئەوروپا لە نێو پیاواندا زیاتر بڵاوە، بەڵام لە کوردوستان لە نێو کچاندا. ئەگەر کامۆ لە سەرەتای دەقی ئەفسانەی سیزفدا ئەڵێ؛ خۆکوشتن جدیترین پرسیاری فەلسەفیە، بەڵام حەکیم هەردەم گاڵتەی بەو دەقانە ئەهات. لە بیرم دێت کە وجودیە، چڵکنە، قژدرێژە، تۆسیرام خۆرەکانمان ئەبینی، لە رۆژانی پەیمانگا، بۆ ئەو مایەی پێکەنین بوون.. ئەگەر وجودیەکان قەیرانیان هەبوو لە گەڵ بوونیاندا (کە برواناکەم ئەوە کێشەی کورانی سلێمانی بوبێت؛ بۆئەوان تەنها لاساییکردنەوەبوو....بەس) ئەوا حەکیم لە بری بوونێک چەندین بوونی هەبوو. ئەو لە ناسنامەدا ناوی موحەمەدبوو، لە بەندیخانە پێیان ئەووت (ها انت مارکس)، لە مقەر پێیان ئەووت حەکیم، لە نێو هاورێیاندا بە دوکتۆر ناسرابوو. ئەو بۆ هەریەکێک لەو ناوانە کەسایەتی تۆکمەو تایبەتی خۆی هەبوو. ئەو فاوستێک بوو لە بری مەعریفە تینووی ژیان بوو، بەڵام ژیانێک کە تیایا مەعریفە وەک خوێ وەهایە بۆ چێشت.

بەڵام رەنگە مەعریفە بەتەنها بەس نەبێ؛ ئەم رۆژانە خەریکی خوێندنەوەی ژیان و ژیاری باوکی زایونزم هیرتزلم، زیاتر لەبەرئەوەی رۆژنامە ئایرلەندیەکان بە هۆی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە زوو زوو داوای بابەت و ووتارم لێئەکەن. هیرتزل لە کاتێکا پیاوێکی تاسەر ئێسقان سێکویلاربوو (عەلمانی) ئەڵێ: باوەر کۆمان ئەکاتەوە، مەعریفە ئازادمان ئەکات. بەڵام کێ لە توانایدا هەیە ئەم دووانە پێکەوە گرێدات. ئەمرۆ عەلمانیەت باڵادەستە؛ سەیر ئەوەیە تا ئێستا لە کوردوستان عەڵمانیەت تەنها وەک سیستەمێکی حوکم تەماشائەکرێت، کەچی لە کاتێکا شێوازێکە بۆ ژیان. دونیابینیەکە کە ووردودرشتی ژیان ئەگرێتەوە. عەلمانیەت؛ شێوازی قسەکردنی تایبەتی خۆی هەیە، رەوشتی تایبەتی خۆی، هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆی، پەیوەندیکردنی تایبەتی خۆی. بۆنموونە ئەگەر کەسێک بە ئاگاییەوە کەسێکی ئایندارببێت، توانای لێبووردنی بەرامبەر هەڵەکانی ئەوانی تر زۆر زیاتر لە کەسێکی عەلمانی، چونکە هەر لە پلاتۆوە (ئەفلاتۆن) تا دۆلۆز عەڵمانیەت جەخت لە سەر چەمکی عەدالەت ئەکات، کە لە هەناویا سزاو تۆڵەکردنەوەی هەڵگرتووە.

رەنگە مەرگی سوشیالیزم و نائومێدی کەپیتالیزم وایان لە حەکیم کردبێت لە بەربەستەکەوە خۆی هەڵدات و لاشەکەی بچێتەوە بۆ زێدی منالێ. ئایا مەرگ تەنها شێوازی رزگاربوونە لەم لابرینثە. بە مەرگی سۆشیالیزم کەپیتالیزم تووشی بێمانایی بوو، بۆیە زۆربێشەرمانە جاری مەرگی مانای دا. مەرگی مێژوو لە سەر زاری فۆکۆیاما شێوازێکی تر لە ووتنی مەرگی مانا. فۆکۆیاما خۆی لەمە باش بەئاگایە، بۆیە پێمان ئەڵێت؛ کە مێژوو ئەمرێت، ئیتر هونەر و فەلسەفە بەهایان نامێنێ، مرۆڤ لە بێزاریا ئەگەرێتەوە بۆ مێژوو.

بەڵام حەکیم هەرگیز کۆمۆنیست نەبوو. کوردوستان لە مێژوویدا تەنها یەک کۆمۆنیستی بەخۆیەوە نەدیوە. ئەوانەی کە جاڕی کۆمۆنیزمیان لێئەدا یان لێئەدەن، لەرووی ئێپستۆلۆژیا و ستراکتۆرەوە ئایندارن–بوون. رۆژێکیان نزیکەی دەساڵێ لە مەوپێش، ئەو رۆژانەی کە حەزم ئەکرد بڵێم من رەخنەم هەیە بەرامبەر مارکس، وەک ئارەزوویەکی برایمیانە بۆ تێکشکانی بتەکان، دەروێشێکی مارکسیانە بەناوی عەزە تووکەوە لە ناوەراستی شەقامی گشتی دەربەندیخانا رێگایی پێگرتم، بەدەم راوەشاندنی پەنجەی

شایەتوومانیەوە بە سەرما هاواری ئەکرد؛ پێم بڵێ، ئاخر پێم بڵێ، رەخنەی چیت لە مارکس هەیە، تۆ چێت رەخنەت لە مارکس هەبێت، ئەگەر بۆی دەس بدایە هەرزوو فەتوای مەرگی ئەدام.

حەکیم، خوا لێی ببووریێ؛ ئەگەر نەمردایە رەنگە رۆژێک پێکەوە دابنیشتیایە دۆلۆزمان بخوێندایەتەوە. تێگەیشتنێکی ترمان هەبوویە بۆ سیاسەت. دۆلۆز لە ووتاری (فرە سیاسەتدا) ئەڵێت ئەگەر ئێمە بەتەنهابین یان لە نێو کۆمەڵا، هەمیشە لە زیاتر لە هێڵێک پێکهاتووین. ئەم هێڵانە هەمیشە لە سروشتدا جیاوازن.

هەندێ هێل هەن تا مەودایەک دەکێشرێن، ئیتر هێڵێکی تر دەست پێئەکات. بۆ نموونە هێڵی ماڵ؛ کە لە گەڵ چوونە قوتابخانەدا تەواوئەبێت. لە قوتابخانە مامۆستا هەمیشە ئەڵێت ئێرە ماڵ نیە، هەروەها هێڵەکانی تر. بەڵام زۆر هێڵی تر هەن راستەهێل نین؛ بەڵکو چەماوە و پێچاوپێچ و زۆرجار نادیارن؛ بۆ نموونە وەک هێڵی ئارەزوو.

حەکیم بنوو، وەک لۆرکا ئەڵێت، نووستنی سێو. هەرچەندە ئەگەر ئێمە بزانین جێی مەبەست کوێیە، ئەگەر پڕ تفاقیش بین بۆ رێگا رەنگە هەر نەگەین. لۆرکا؛ ئەو شاعیرەی وەک تۆ سەرکەش بوو ئەڵێ؛ قورتوبە؛ دوورە و تەنیا. جاشەکەرێ رەش، مانگی چواردە، کورتانەکەم پڕە لە زەیتوون، باش باشێ رێگا شارەزام، هەرگیز ناگەمە قورتوبە.